سەماحەتی حەکیم پیرۆزبایی جەژنی لەدایك بوونی مەسیح دەکات و بەیەکەوە ژیان و هاریکاری لە عێراق دووپات دەکاتەوە

بەڕێز عەمار حەکیم سەرکی هاوپەیمانیتی هێزەکانی دەوڵەتی نیشتمانی سەردانی کڵێسای ئارسۆزەکسی کەنی کرد بە ئەوەی پیرۆزبایی خۆی ئاراستەی پێکهاتەی کریستیانەکان و گەلی عێراقی و مەسیحییەکانی هەموو جیهان بکات، سەماحەتی هیوای خواست جەژنی دایك بوونی گەورەی مەسیح ببێتە هەکاری پتەوکردنی پێوەندییەکان لە نێوان ئەو پێکهاتەیە و سەرجەم پێکهاتەکانی دیکەی گەلی عیراق.

لەمیانەی گوتەیەکیدا سەماحەتی حەکیم گوتی " پێیامە ئاسمانییەکان هەڵگری بەها و نموونەی مرۆڤایەتین، ئەو بەهایانەش پێوەندی لەگەڵ خودای گەورە بەهێز دەکات، هەروەها ئاماژەی بەو ئەکبەریانە کرد کە عێراق پێیدا تێپەڕ بووە و ڕوونی کردەوە کە عێراق ئێستا سەقامگیری لەسەر ئاستەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئەمنی هەیە و جگە لەوەش هەڵمەتی ئاودانکردنەوە و گەشەپێدان لە عێراق هەیە لەو قۆناغەدا، هەروەها دووپاتی کردەوە کە ئەوەی لە عێراق بەدی هاتوە هەمووی بەهۆی نزا و فرمێسك و قوربانییەکانی گەلی عێراق بوو کە هەموو پێکهاتەکانی پێشکێشیان کرد.

هەروەها سەماحەتی حەگیم باسی سروشتی دەخی گەلانی فەلەستینی و سووری و لوبنانی کرد و هیوای سەپامگیری و ئاشتی و بەیەکەوە ژیانی بە خواستن و گوتی هیوادارم ئەو وڵاتانە بتوانن سەرپەرشتی گەلەکانی خۆیان بکەن و هیواکانیان بە داهاتوو بەدی بهێنن.